

# جامانەکەی مسعودی خەزوور ..... و

# عەگالەکەی یاوەری زاوا........!

**جەزا چنگیانی**

ڕاستییەکی نکۆلی لێنەکراوە جوانترین دیمەنی دانیشتنەکانی پەرلەمانە بێڕۆڵ و بێووزە و بێپرێنسیبە دیموکراتییەکەی هەولێر و ژوانە سیاسییەکانی باشوری کوردستانی مەسعود بەرزانی ( دیمەنی جامانە سوور و بەرگە کوردیی ) کەیەتی . جامانە و بەرگە کوردییەکەی کاك مەسعود لەو ژوانانەدا . ڕۆڵی سەفیرێکی بێدەنگ . ئالآیەکی بیٚ شەکاوە . زمانێکی پاراو . میژوویەکی ڕەسەن .سمبوولی میللەتێکی خاوەن کولتورێکی تایبەت دەنوێنیٚ . مەسعود بەرزانی یەکەم سیاسی نیە بەرگی میللی نەتەوەکەی لە ژوانە سیاسیەکاندا دەپۆشیٚ .یاسر عرفات تا دوا سەفەری بۆ چارەسەر وگەڕانەوەی لاشەکەی لە پاریس.لە هەموو ژوانێکدا . لە هەموو هۆڵێکی سیاسیدا پێش درکاندنی یەکەم ووشەی سەر زاری , بەرگ وچەفتە و عەگالەکەی لەتەك سایکۆلۆجێتی سیاسیەکانی بەرامبەری وتەواوی دانیشتوانی ژوانەکەدا دەدوا . دوانێکی بیٚ ووشە وبێدەنگ . بە زمانێکی عەربییەکی ڕەسەن .لە ساتی دروستبوونی مەمللەکەتی سعودییەوە تا ئیستا لە هەموو ژوانێکی سیاسی سەرانی عەرەب و جیهان و ئامادبوونیان لە مەزادخانەی پترۆڵفرۆشتنی ئۆپێك و ئاپێکدا چەفتەو عەگالەکەیان بە سەرەوەیە ..سەرجەم سەرۆکی خێڵە عەربیەکانی کەنداوی فاریش هەروەها . غاندی رابەر و سمبۆڵی ئازادی نیوە دۆرگە برسییە پرچ ڕەشەکەی هندوستان ... کراسێکی ئاودامان وگۆچانێك و چووتی سەرپای و بەرگی هندییە سادەکەی . نەهرۆ و ئەندراغاندی ودواجار کورەکەی وبووکەکەی و سەرۆکی ئیستای هندستان بەرگی نەتەوەی هندیان لە ژوانە سیاسیەکاندا تورڕنەداوە , کارزای ئەفغانستانیش سەڵتەیەکی سەوز و نیشانەی ئەفغانی لەسەر ناوە .ڕفسەنجانی , خامەنەئی , خاتەمی عەمامەی ڕەش و سپیان لە هیچ ژوانیکدا تورڕ نەداوە . بەرزترین پیاوی ئەم سەدەیە ( منديلا ) ی خواروی ئەفەریقای ڕەش و سپی خاوەن ئەڵماسدا . بەرگی نەتەوایەتی و خانەی دییە ئاساییەکەی خۆی وەلانەناوە . قەزافی سیاسیەکی سەربازییە . ئاشکرایە و کودەتاچیە سەربازییەکان سەر بەهەر وولآت و ڕەگەزێك بن . شەیدای ڕیزە ئەستیرەی سەرشان و نیشانەی ئافەرینی

فرەی سەرسنگیانن . کەچی قەزاق لە چاوپێکەوتن و ژووانە سیاسیەکاندا زووربەی جار بە بەرگی خێڵەکی و لە ناو خێوەتی کولتورێکی بیاباندا ئەنجامی دەدا .
یاوەری زاواش لەو ڕۆژەوەی پۆستی سەرۆك کۆماری کاتی عیراقی پیسپێراوە بۆ ئەوەی بە بێدەنگی بە مسعود بەرزانی و جەلال تالەبانی بڵی هەموو گەلانی سنوری زیندانی عیراق بە باشووری کوردستان و هەردوو حکومەتۆکەکەشەوە بەشێکی دانەبڕاوە لە ( عیراقی عروبە ) . سەرۆکی وولاتی عەرەبیش دەبێ بەرگی نەتەوەی عەرەب بپۆشێ . بۆیە عاگەلەکەی کردووە بە سمبۆلی بە عەرەببوونی سەرجەم خاکی عیراق .
**بۆچی کاك مەسعود** : هەر ئەوەندەی باشووری کوردستانی بەجێهێشت سەردانی بەغدا , تاران , ئەنقەرە , دیمەشقی کرد جامانە سوورەکەی و بەرگە کوردیەکەی تووڕدەدا ؟؟؟؟ دەبێت بە مەسعودی مۆدیرن و سیاسەتمەدارێکی بە ئەمەکی عیراقی عروبە نەك کوردی !! کاك مەسعود دەڵی من لە ژێر سیبەری ئالاّ ڕەنگدارەکەی کۆماری مهاباد دا لە دایك بووم ... خەوی دەوڵەتی کوردی گەورەی کردوم کەچی چەند مەترێك لە کوردستان بترازێت پێشەرمە بڵی کوردم .
بڕوانن داگیرکەرانی باشوری کوردستان چۆن دەڕواننە بەرگ و کولتوری کوردی . لە سەردانێکی شیخ مەحمودی نەمر بۆ بەغدا وچاوپێکەوتنی مەلیك فیصل لە کۆشکی زوهردا . مەلیك فیصل داوای لە شیخی نەمرکرد کە بەرگە کوردیەکەی توڕ بدا .

## گفتوگۆی شیخی نەمر و مەلیك فیصل

**ملك فیصل : بۆچی باباعلی نایەتە ( قصر الزهور ) لەگەڵ غازی پێکەوە ڕابوێرن خۆشت ئەم پشتێنەفرێ دە گەرمایە پێویست نیە .**

**شیخ مەحمود : بابا علی فێری ژیانی ناو چیا و بەردە . با کوردیش ببێت بە خاوەن ئالاّ . ئەو کاتە ئەویش فێری ژیانی کۆشك ئەبێت . ئیستای باشترە بەلاّم ئەم پشتێنەش بۆژێر فیشەکلیغە بە بینینی ئالاّی کورد ئەمیش ئەکرێتەوە .**

**ملك فیصل : تۆ ئامۆزای منی و عەرەبی چیت داوە لە ئالاّی کورد؟ ***

ئەمە داخوازیی مەلیکی سالاّنی دروستبوونی عیراق بوو لە شێخی نەمر
فریدانی جامانە و بەرگە کوردیەکەی کاك مەسعود ڕێکەوت نیە بەڵکو بەرنامەیەکی کرۆك بۆگەنی ناسیونالیستی عەرەبی عیراقیە کاك مەسعود بە هوشیارییەوە لە بەر خاتری یاوەری زاوای پیّادەی دەکات .

* چیم دی .... بەرگی دووهەم لاپەڕە 160 ئەحمەد خواجە

سانپیترس بۆرگ

2004/12/07

jazachingiani@hotmail.com
ww.chingiani.de